كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 19:15 14-6-2007

## لەشكركێشی توركیا و بێهەڵوێستی سەركردایەتی كورد ... نەجات ئەحمەد

خەریكە سوپای توركیا دەگاتە زاخۆ كەچی دەسەڵاتی كوردی نقەی لێوە نایەت، لەبری سەرۆكی هەرێم



ئەمجارەیان بریكاری وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ بانگی دیبلۆماتی توركیا لەبەغدا دەكات و نامەی نارەزایان پێدەدات لە بەرەوەخراپچوونی بارودۆخەكەلە سنور بەزاندنی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی توركیایان ئاگەداری دەكاتەوە،

لەبەرامبەریشدا سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی هەرێمی كوردستان وەك ئەوەی نەبایان بێت و نە باران ئەوەی باسی لێوە نەكەن و بیریان لی نەكردبێتەوە هەڵوێست وەرگرتنە لەسەر ئەو سنور بەنداندنەی توركیایە،

زۆر سەیرەئەوەی لە هەڵویستی ئەمجارەی كورد دەبیندرێت بەوەی لەكاتی شێنەیی سەرۆكی هەرێم هەرەشەی لە حكومەتی توركیا دەكات بەوەی" ئەگەر بۆ توركیا هەبێت بە بیانووی برا توركمانەكان دەست لەكار و باری كەركوك وەربدات ئەوان بۆ ئێمەش رەوایە باس لە كوردەكانی دیاربەكر بكەین"، بەمەش هەر زوو حكومەتەكەی ئۆردوغان كەوتە رەتدانەوە و شێكردنەوەی قسەكانی سەرۆكی هەرێم و هەڵوێستی زۆر توندیش وەرگرت،

ئەمە لەكاتێكدا هەر لەودا تەقینەوەكەی هەولێر و مەخموور بە پێی راپۆرتێكی ئاژانسی فرات هاتووە كەوا " میتی توركی دەستی هەبووە لە تەقینەوەكانی هەرێمی كوردستان، ئەمەش بۆ ئەوەی رێگە لەریفراندۆمی كەركوك بگرن و ئەندامانی خۆیشیان لە ناوچەكانی هەرێم بڵاوكردۆتەوە بۆ ئەوەی نا ئارامی دروست بكەن"،

كەچی ئەمجارەیان بانێكەوە دوو هەوا سەرۆكی هەرێمەكەمان چاوی ئەو هەموو دەبابانە نابینێت وا پەیتا پەیتا تەراتێن لە دەشتایەكان و خەریكی بەزاندنی سنورەكانی هەرێمی كوردستان، ئاخر پێم ناڵێن كاتێك بارودۆخەكە ئارامەو هیچ مێشێك مێوانی ئەو هەرێمە نیە بۆ ئەوە لێدوانە تواندان دەن كەچی كاتێك حكومەتی توركیا نەك هەرەشە بەڵكو خەریكە دەگاتە نێو چەرگەی هەرێمی كوردستان و بەمەش ناوەستێت تۆپبارانیشیان دەكات و خەڵكە سڤیلەكەشی لەترسانە وەك هەمیشە بە ناچاری ماڵ و حاڵیلان جێ دەهێڵن نقەتان لێوە نایەت، نەك هەر قسە ناكەن بەڵكو دەچن داوای دانوسان لە توركیا دەكەن لەبڕی ئیدانەكردنی ئەو هەڵوێستەی حكومەتی توركیا، سەرباری هەموو ئەوانەش ئۆردوغان زۆر بە راشكاوانەی هەموو دانووسانێك لەگەڵ حكومەتی هەرێم رەتدەكاتەوە،

هەرچەندەئەمە یەكەم جار نیە بەڵام ئەمجارەیان هەم كات و هەم ساتەی گۆراوە كە بەر لەهەموو كەس توركیا ئەمە دەزانی، تۆپبارانكردن و لەشكر كێشەكەی توركیا شكاندنی ئەو یاسایانەشە كە ئاماژە بە بەزاندنی سنوری نێوان دەوڵەتانی دراوسێی دەكات كە بەدەستدرێژیەكی سەرسنووری لەقەڵەم دەدرێت، كەچی ئەمجارەیان هێزەكانی هاوپەیمانیش لە عێراق وەك خۆمان سەیری ئەو سنوور بەزاندنەی توركیا دەكەن و بێ هەڵوێستیشن، ئەمە ئەو خاڵەیە كە دەكرێت دەسەڵاتی كوردی بەهەندی وەربگرێت و بیریش لی بكاتەوە چونكە ئەوەی بەریدا تێپەریوە هەموو واقع بووە نەك خەون،

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمە جگە لەوەی سەرۆك کۆمارەکەشمان ئامادە نیە بە تورکیا بڵێت لە پشت چاوت دوو برۆ هەیە، چونکە ئەوانە مەبەستم سەرکرایەتی کوردە ئەوەندە بەتەنگ عێراقچێتییەوە دەچن ئەوەندە بە تەنگ پاراستنی سنوری هەرێمەکەی خۆمانەوە نین جا چ چای دەربرینی نارەزایەك چونکە دیارە چاو سوورکردنەوەی ئەمجارەی ئۆردوغان ئەوەی بە سەرکرادایەتی هەرێم و عێراق سەلماند کە جورئەتی ئەوەیان نبێت باسی بەزاندنی سنوری هەرێمی کورستان بکەن لەلایەن حکومەتی تورکیاوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.